
# تێزی دکتۆراکەی عەلی وەردی دەکرێتە کوردی



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

تێزی دکتۆراکەی عەلی وەردی، زانای کۆمەڵناسی عێراقی بەناوی (سەبارەت بە سۆسیۆلۆژیای مەعریفە- شیکردنەوەی سۆسیۆلۆجی بۆ تیۆری ئیبن خەلدون)، لەلایەن نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، نووسەر و وەرگێڕی کورد، دەکرێتە کوردی.

نەوزاد ئەحمەد لەبارەی ئەم بەرهەمە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "د.عەلی وەردی نیو سەدە لەمەوبەر تێزی دکتۆراکەی نووسیوە، بەڵام وەکو خۆی مابووەوە و وەرنەگێڕدرابوو، ئەمەش ڕەنگە بەهۆی ناوەڕۆکەکەیەوە بووبێ کە ڕەخنەیەکی ڕاستەوخۆ لە مێژووی عەرەبی و ئیسلامی دەگرێت".

ناوەڕۆکی تێزی دکتۆراکەی وەردی، بە گوتەی نەوزاد ئەحمەد "ڕەخنەیەکی سۆسیۆلۆژییە لە مێژووی عەرەبیی ئیسلامی کە بەپێی میتۆدی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە ئەو مێژووە دەخوێنێتەوە و ڕەخنەی لێدەگرێ. هەروەها پێشەکییەکەی ئیبن خەلدون دەکاتە سەرمەشقی تێزەکەی، بەبێ ئەوەی بە تەواوی متمانەی بە تیۆری ئیبن خەلدون هەبێ و بگرە لە چەندین لایەنەوە ڕەخنەی لێدەگرێ".

نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، باسی گرنگیی وەرگێڕانی بەرهەمەکە بۆ سەر زمانی کوردی دەکات و دەڵێت: "بایەخی ئەم کتێبە لەوەدایە تێزی دکتۆرای سۆسیۆلۆجیست و بیرمەندێکی گرنگی عێراقییە کە بە تێز و بیر و نووسینەکانی نیو سەدە زیاترە خەڵکی بە خوێندنەوە و گفتوگۆوە سەرقاڵ کردووە.

عەلی وەردی ڕەخنە لە کۆمەڵگەی عێراقی دەگرێت کە لە زۆر ڕووەوە ئەو ڕەخنانە کۆمەڵگەی کوردیش دەگرێتەوە".

سەبارەت بە کاتی بڵاوکردنەوەی کتێبەکە، ئەسوەد گوتی: "ڕەنگە لە کۆتایی مانگی حەوت کاری وەرگێڕانی کتێبەکە تەواو ببێت و لە کۆتایی مانگی هەشت لەلایەن دەزگای جەمال عیرفانەوە چاپ بکرێ".

# (یاسای سروشتی) لە دەروازەیەکی تەنگەوە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

(یاسای سروشتی لە دەروازەیەکی تەنگەوە) ناوی کتێبێکی نوێی دڵشاد حامید دەروێشە.

دڵشاد لەبارەی کتێبەکەی بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کتێبی (یاسای سروشتی لە دەروازەیەکی تەنگەوە)، ناوەڕۆکێکی فەلسەفی و یاسایی هەیە.

کتێبەکە بە سپۆنسەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەریی سلێمانی چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

دەروێش، لەبارەی ناوەڕۆکی کتێبەکەوە گوتی: "کتێبەکە دەرگیربوونە لەتەک پرسێکدا کە بە درێژایی مێژووی هزر و فەلسەفە بە چڕی قسە و باسی لەمەڕ کراوە، ئەویش پرسی بوونی کۆمەڵێک پڕەنسیپ و بنەواشەی سەرمەدی و بابەتی و ئەقڵییە کە بەنێو سەردەمەکاندا تێدەپەڕن بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕان و هەموارێک بەسەر جەوهەر و چییەتیاندا بێت".

گوتیشی، بەکورتی کتێبەکە کردنەوەی پەنجەرەیەکە بۆ خوێنەری کورد، بەسەر ئەوەی لە فەلسەفە و یاسادا پێیدەگوترێت تیۆری یاسای سروشتی.

دڵشاد حامید دەروێش، وەک نووسەرێک لە بوارەکانی هزر و یاسادا دەنووسێت، ماستەری لە یاسای گشتیدا هەیە و مامۆستایە لە بەشی یاسای زانکۆی هەڵەبجە.




# کتێبێك لەبارەی "هونەری ڕۆمان"ـەوە

■ ئا: سیروان عەباس

نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەنگەر ڕەمزی زراری کتێبی "هونەری ڕۆمان.. مێژوو، خوێندنەوە و بەردەوامی" چاپ و بڵاودەکاتەوە کە باس لە گرنگیی ڕۆمان دەکات وەکو ژانرێکی سەرەکیی ئەدەب.

سەنگەر زراری بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی گوت: "کتێبەکە باسی گرنگیی ڕۆمان دەکات و لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەشی یەکەم لە چەند باسێکی جیاوازدا هونەری ڕۆمان و پێناسە و مێژووی ڕۆمان و پەیوەندیی ڕۆمان بە ڕەگەزە ئەدەبی و هونەرییەکانی دیکەی وەکو: شیعر، سینەما، ژیاننامە، مێژوو و... دەخاتەڕوو، هەروەها باسی مێژووی ڕۆمانی کوردی دەکات لە سەرەتاوە تاوەکو ڕاپەڕینی ساڵی (1991)، بۆ ئەمەش بیبلۆگرافیایەکی تێروتەسەل دروستکراوە و بیبلۆگرافیاکە ناوی سەرجەم ئەو ڕۆمانە کوردییانەی تێدایە کە لە سەرەتاوە تاوەکو ڕاپەڕینی 1991 دەرچوون، چ ئەوانەی نووسراون و چ ئەوانەی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی".

سەبارەت بە بەشی دووەم و سێیەمی کتێبەکە گوتی: "بەشی دووەم ڕەخنە و خوێندنەوەی ژمارەیەک ڕۆمانی کوردییە و بەشی سێیەمیش ڕەخنە و تێڕامانە لە چەند ڕۆمانێکی وەرگێڕدراو بۆ سەر زمانی کوردی".

سەنگەر ڕەمزی ساڵی 1981 لە هەولێر لەدایک بووە. دەرچووی بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی هەولێرە. تاوەکو ئێستا 7 کتێبی چاپ و بڵاوکردوونەتەوە.

## کورد و کولتووری نووسینەوەی گەشتنامە

# مەلایەك، بەردی بناغەی "گەشتنامە بە زمانی کوردی" دادەنێ

سەنگەر زراری



لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا، پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی (نەعیمە خاتوون) لە گەڕەکی مەیدانی شاری بەغدا کە کوردێکی ڕۆشنبیرە و جگە لە مەلایەتی، سەروکاری لەگەڵ نووسین و ئەدەبیات و ڕۆژنامەگەریشدا هەیە، ماوەیەکی زۆر بیر لەوە دەکاتەوە، گەشتێک بۆ چەند شوێنێکی کوردستان بکات و گەشتنامەکەی بنووسێتەوە. ئەو هەستی بەوە کردبوو کە کورد لەم بوارەدا (بواری گەڕیدەیی و نووسینەوەی گەشتنامە) هەژارە و بێئاگاشە، بۆیە بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕێت و دەیەوێ بیرۆکەکەی بکاتە کردار و ئەم کەموکووڕییەی کولتوور و ڕۆشنبیریی گەلەکەی پڕ بکاتەوە، یان بەلایەنی کەم دەستپێکێکی بۆ دانێت، بۆیە بەرەبەیانی ڕۆژێکی مانگی ئابی (1955) دەست بە گەشتەکەی دەکات، یەکەم شوێنیش کە بۆی دەچێت شاری مووسڵە و دەیەوێ لەوێوە بچێتە ناوچەی بادینان، ئینجا بگەڕێتەوە ناوچەکانی دیکەی کوردستان و بێگومان دوای تەواوبوونیشی دەست بە نووسینەوەی گەشتنامەکەی دەکات و ئەوەی دیتوویەتی و بیستوویەتی، بە وردی دەینووسێتەوە.


دەبێ ئەو مەلایە کێ بێت، جگە لە مامۆستا "عەلائەدین سەججادی"؟!! بەڵێ ئەو هەر زوو هەستی بەوە کردووە کە کورد لە ڕووی نووسینەوەی گەشتنامەوە هەژارە: "داخی گرانم وڵاتی کوردەواری بە خاک و مەردمییەوە، ئەوی پێی بڵێن پڕوپاگەندە نییەتی، نەبوونی ئەم سووچەی بەتەواوی دانیشتووانەکانی، وەکو لە بیری خۆی بردووەتەوە، لە بیری غەیری خۆشی هەر بردووەتەوە، لەگەڵ ئەوەدا قەومەکانی تر- بەتایبەتی ئەورووپاییەکان- هیچ هەنگاوێکیان بۆ هیچ شوێنێک هەڵنەهێناوەتەوە، بەبێ ئەوەی کە نەیخەنە سەر قاقەز، بەهۆی ئەم فرمانەوە کە کردوویانە، بێجگە لەوەی کە ئاشنای خێروبێری هەموو وڵاتێک بوون، قەومی خۆیان و غەیری خۆشیان لە تام و لەززەتی تاریخ بەشدار کردووە...". هەر بەهۆی ئەم هەستکردنەشی بە نەبوونی گەشتنامە، دەست بە گەشتەکە دەکات و لەبارەی نیاز و مەرامی گەشتەکەی دەنووسێت: "بەو نیازە یادداشتێک ئەگەر دەستم بکەوێ، وەیا بەرچاوم کەوێ بۆ یادگارێکی پاشەڕۆژی تاریخی هەڵبگرم، بۆ ئەوە هەم خۆم و هەم کەسانی تر، کەڵکێکی لێ وەرگرن...".

دیارە بەر لە (عەلائەدین سەججادی) چەند کەسێکی دیکە بیرەوەرییەکانی ژیانی خۆیان بە زمانی کوردی نووسیوەتەوە، لەوانەش: دڵدار (موزەکەراتی یونس ڕەئووف-دڵدار- 1945). ئەحمەدی مرازێ (بیرئانینێد مێن- 1966). ئەحمەد خواجە (چیم دی..؟- 1967)، ڕەفیق حیلمی (یاداشت- لە پەنجاکاندا بە شەش بەرگ بڵاوبووەتەوە) و.... هەر یەکێکیش لەمانە، لەمیانەی نووسینەوەی ژیانیاندا باسی گەشت و گەڕانەکانی خۆیان کردووە، بەڵام ئەوەی نووسینەکەی سەججادی جیادەکاتەوە ئەوەیە کە سەججادی ئەمەی بە تایبەت وەکو گەڕیدەیەک و وەکو دەقی گەشتنامە نووسیوە، گەشتەکەشی بۆ هیچ مەبەستێکی تایبەت نەبووە، بەڵکو بەتایبەت بۆ ئەوەی بووە زانیاری لەسەر ئەو شوێن و ناوچانە کۆبکاتەوە کە سەردانیان دەکات و بیاننووسێتەوە، ناوی گەشتنامەکەی ناوە "گەشتێک لە کوردستانا"، ئینجا لە ژێرییەوە نووسیویەتی "گەڕانێک لە بەینی (1816) کیلۆمەتر لە خاکی کوردەواری: شوێنە تاریخییەکان، هاوینەهەوارەکان، بەڵگە کۆنەکان، وردبوونەوە لە چۆنیەتی ڕابواردنی دانیشتوان، ڕەوشتی کۆمەڵایەتی ئەم شوێنانە، باسکردنی عەنعەناتی هەندێ لە چینەکان، بەئاگاهێنانەوەیەکی مێژوو لە هەموو ئەو وڵاتانەدا..".

سەججادی لە گەشتەکەیدا سەردانی ئەم شوێنانەی کردووە: مووسڵ، ئاکرێ، زاخۆ، دهۆک، ئامێدی، بامەڕنی، هەولێر، کەرکووک، سلێمانی، دوکان، قەڵادزێ..".

لە هەریەکە لەم شوێنانە، زانیاری لەبارەی ناوی شوێنەکە و جێگا گرنگەکانی دەڤەرەکە و شوێنەوارەکان و بارودۆخی مێژوویی و ژیانی ئەوکاتی شوێنەکە لە زۆربەی لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و ڕەوشی ئایینی و پەروەردەییەوە نووسیوەتەوە. سەردانی بەرپرس و کەسایەتییەکانی ئەو شوێنانەی کردووە و زانیاری پێویستی لێ وەرگرتوون، سەرەتای باسی هەر شوێنێکیش، چەند زانیارییەکی وەکو دەروازەیەک لەبارەی شوێنەکە نووسیوە، بۆ نموونە نووسیوویەتی:

"هەولێر
سەرژمێری ناوشار: (31.091)
هی هەموو لیوا: (263.753)
پانایی زەوی هەموو لیوا: (18.170) کیلۆمەتری چوارگۆشەیی
ڕێگەی بامەڕنێ-موسڵ: (130) کیلۆمەتر، ڕێگەی موسڵ-هەولێر: (86) کیلۆمەتر..".


گەشتێک
لە
کوردوستانا
« گەڕرانێک لە بەینی (١٨١٦) کیلو مەتر لە خاکی کوردەواری : شوێنە تاریخیەکان ، هاوینە هەوارەکان ، بەڵگە کونەکان ، وردبونەوە لە چونیەتی رابواردنی دانیشتوان ، رەوشتی کومەلایەتی ئەم شوێنانە ، باسکردنی عەنعەناتی هەندی لە جینەکان ، بە ئاگا هێنانەوەیەکی مێژو لە هەمو ئەم ولاتانەدا » .
علاء الدین سجادی
١٩٥٦م — ١٣٧٥هـ
چاپخانەی مەعارف : بەغدا .

ئینجا دەستی بە گێڕانەوەی سەفەرەکەی بۆ هەولێر کردووە، باسی ئەوەی کردووە کە هەردوو ناوی "ئەربیل" و "هەولێر" لە چییەوە هاتوون..؟! باسی قەڵا و ژمارەی مزگەوت و گەرماو و سینەما و ئەحواڵی بازاڕ و چۆنیەتی و شێوازی دروستکردنی خانووەکانی هەولێری کردووە. هەروەها باسی بارودۆخی ڕۆشنبیری و دەرچوونی گۆڤاری (هەتاو) کە ئەو کاتە حەفتانە لە هەولێر دەرچووە و باسی چاپخانەکەی گیوی موکریانی کردووە، باسی ئەو هوتێل و شوێنانەی کردووە کە تیایدا ماوەتەوە... بۆ شار و شوێنەکانی دیکەش بە هەمان شێوە بەوردی بەدواداچوونی بۆ زانیارییەکانی کردووە، زانیارییەکانیشی ڕۆژانە تۆمار کردوون.

دکتۆر مارف خەزنەدار لەبارەی گرنگیی ئەم گەشتنامەیەی سەججادییەوە دەنووسێت: "پەخشانە جوانەکانی سەججادی لە کتێبی (گەشتێک لە کوردستانا) (1956)، لێکسیکۆن و زمانی ئەدەبی یادداشت و تێبینی ڕۆژانەیان هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردییەوە، ئەو کتێبەی سەججادی بریتییە لە تێبینی لە بابەت ئەو گەشتەیەوە لە کوردستانی عێراق کردوویەتی، لە بەغداوە بۆ مووسڵ و هەولێر و کەرکووک و سلێمانی..".

عەلائەدین کوڕی نەجمەدین کوڕی حیسامەدین لە بنەماڵەی سەججادی، ساڵی (1907) لە "گەڕەکی قەتارەچیان"ی شاری "سنە"ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە. بە سووختەیی خوێندنی دەستپێکردووە و بە فەقێیەتی گەلێ شار و دێی کوردەواری گەڕاوە و بنەوبارگەی لە سلێمانی خستووە.

ساڵی (1938) ئیجازەی زانستە ئیسلامییەکان و زمانی عەرەبی وەرگرتووە و دواجار بۆ مەلایەتی و پێشنوێژی لە مزگەوتی نەعیمە خاتوون، ڕووی کردووەتە بەغدا و لەوێ ماوەتەوە.

لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهانیدا خووی داوەتە ڕۆژنامەوانی و کۆواری (گەلاوێژ) و (نزار)ی بەڕێوە بردووە. لە (1959) بووەتە مامۆستای زانکۆی بەغدا لە کۆلێجی زمانی کوردی و تا ساڵی (1974) لەسەر ئەم ئیشە ماوەتەوە. لە ساڵی (1975) دەبێتە ئەمینداری گشتیی ئەوقاف (بە پلەی وەزیر) لە هەولێر و لە (1977) خانەنشین دەکرێ.

پاش خانەنشینبوونی، هەموو هێز و توانای دەخاتە سەر کارکردن لەسەر بابەتی ئەدەبی کوردی، بەڵام کوژرانی کوڕی گەورەی لە شەڕی ئێران و عێراق (1980-1988) وزەی لێ دەبڕێ و لە کارکردن ساردی دەکاتەوە.

ساڵی (1984) هەر لە شاری بەغدا کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی ئەسپەردە دەکرێ.

لەبارەی ئاستی ڕۆشنبیریی عەلائەدین سەججادییەوە، دکتۆر فەرهاد شاکەلی دەنووسێت: "لەناو ڕووناکبیرە گەورەکانی کوردی سەدەی بیستەمدا، عەلائەدین سەججادی لە زۆر ڕووەوە جیاواز و تاکانەیە، نەخشی سەججادی لە پێشخستن و گەشەپێدانی فەرهەنگی کورددا هێندە فرەلایەنە و پڕڕەنگە، کە دەبێ بە قووڵی لێی بکۆڵرێتەوە..".

سەججادی لە سەرەتای بەرگی یەکەمی "ڕشتەی مرواری"دا ئەوە دەردەخات کە زۆر بایەخ بە زمانی کوردی دەدات و دەنووسێت: "کە زمان نەبوو قەومییەت نییە، کوردیش تا ئێستە بۆیە ماوەتەوە، چونکە زمانی هەبووە، ئەگەر زمانەکەی نەبێ مەفهوومی کورد لە فەرهەنگا نامێنێ..".

هەروەها دەنووسێت: "هیچ ئامانجێکم نییە تەنیا پاراستنی زمانی کوردی نەبێ، ئەویش بۆ پاراستنی قەومییەتی کورد لەو تەنگوچەڵەمانەی کە گەمارۆی داون..".

دیارە مەبەستی لە نووسینەوەی ئەم گەشتنامەیەش، هەر بەشێکە لەو بایەخەی کە بە زمانەکەی دەدات و بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی نەبوونی گەشتنامەیە بەم زمانە، بەڕاستیش ئەم گەشنامەیە بووەتە دەستپێکێکی باش و گرنگ بۆ نووسینەوەی گەشتنامە بە زمانی کوردی.

**ژێدەرەکان:**

**1 - گەشتێک لە کوردستانا- عەلائەدین سەججادی، چاپخانەی مەعارف- بەغدا، چاپی یەکەم (1956م-1375هـ).**
**2- مێژووی ئەدەبی کوردی (بەرگی حەوتەم)- دکتۆر مارف خەزنەدار، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم (2010).**
**3- هەمیشە بەهار- عەلائەدین سەججادی، فەرهاد شاکەلی پێشەکیی بۆ نووسیوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم (2012).**

# پەڵپ و بیانوو بە وشە و دەستەواژەی ناوچەکانی کوردستان

ڕەسووڵ سوڵتانی



جێی داخە لەنێو خوێنەر و ڕووناکبیری هێندێ شار و ناوچەی ئەم کوردستانە لەتوکوتکراوەی خۆماندا، گوێمان لە بۆچوون و قسەی مەترسیداری ئەوتۆ دەبێت کە نەک هیچ سوودێکی بۆ باری نالەباری زمانەکەمان نییە، بگرە ڕێک ئامانجی داگیرکەرانی کوردستان وەدی دێنێت، ئەویش هەژارخستنەوە و بەرتەسککردنەوەی بازنەی وشە و دەستەواژەکانی زمانی کوردییە.

بۆ وێنە زۆر جار دەبیسین، هێندێ نووسەر، شاعیر و خوێنەری هێندێ شار و ناوچەی کوردستان دەڵێن: (فڵانە دەقی فیسار نووسەر یان وەرگێڕ ناخوێنرێتەوە، لەبەر ئەوەی وشە و دەستەواژەی فڵانە ناوچەی زۆر تێدایە. وشەی وای تێدایە هەر لێیان تێناگەین.)

من وەک وەرگێڕێک، لەو کەسانەم کە وشەی زۆربەی ناوچە و مەڵبەندەکانی کوردستان بەگوێرەی پێویست دێنمە نێو دەقەکانمەوە. بەتایبەتی ئیدیۆمەکانی زمانی کوردی کە بە کۆڵەکەی زمانی ئەدەبییان دەزانم. هیچ گوێیشم لێ نییە کە نووسەری فڵانە شار یان شارۆچکە بە بیستن و خوێندنەوەی وشەی مەڵبەندی موکریان هێڵنجی دێتێ، یان لەشی دەخورێ و لیر دەکا.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە: ئاخۆ ئەو دەستەواژانە یەکەم جارە لە دەقی کوردیدا پەیدا دەبن و ئەوەندە نامۆن خوێنەری کورد لێیان تێنەگات، یان بیانووەکە، بیانوویەکی ناوچەیی و شارچییانەیە؟

ئەگەر یەکەمجار بێ و پێشتر لە هیچ دەقێکی کوردیدا نەبووبێتن، ئەوا ڕەخنەکە تا ڕادەیەک بەجێیە و وەرگێر دەبێ وێڕای سوپاس و پێزانین، لەمەودوا ئەم خاڵە ڕەچاو بکات.

بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، خۆم هیچ دەستەواژە و وشەیەکم لە نووسین و وەرگێڕاندا بەکارنەهێناوە لە دەقەکانی پێش خۆمدا نەبووبن. هەر بۆیە زۆر جاران لەبری داتاشینی وشە و بەکارهێنانی ئەو وشە و دەستەواژە نالەبارانەی لەو دە ساڵەی ڕابردوودا میدیا کوردییەکان لە گوێچکەی خەڵکیان ئاخنیون، وام پێ باشتر و گونجاوترە، وشەی ناوچە و مەڵبەندەکانی دیکەی کوردستان بەکاربێنم، لەوەشدا خۆم لە موکریان قەتیس نەکردووە و لە هێندێ ڕستەدا شێوە دەربڕینی گەرمیانیشم بەکارهێناوە. بۆ وێنە لە زۆر جێیان لەبری ئەوەی بڵێم: خۆشم ئەوەم پێخۆشە، نووسیومە، خۆمیش ئەوەم پێخۆشە...

بە کورتی هیچ وشەیەکی نێو دەقە وەرگێڕدراوەکانی من نامۆ نین، هەڵبەت بۆ خوێنەرێک کە پێشەکیی تاریک و ڕوون و بەرهەمەکانی هەژار موکریانی خوێندبێتەوە. بۆ خوێنەرێک کە لەگەڵ ئەدەبی فۆلکلۆر و ئەدەبی کلاسیکی کوردی ئاشنا بێت، هیچ وشەیەکی نێو بەرهەمەکانی من نامۆ نین. خۆ ئەگەر خوێنەرێکیش یەکەمجاری بێ شتەکانی من بخوێنێتەوە، ئەوا بەپێی ڕستەکە دەزانێ ئەم وشەیە تەنانەت ئەگەر نامۆیش دیار بێت، چ مانایەکی هەیە.

هەڵبەت ئەم حاڵەتە دەبێ وەک هەلێک بۆ دەوڵەمەندکردنەوە و بووژاندنەوەی زمانەکەمان سەیری بکرێت. تۆ سەیری بکە، مامۆستا شێرکۆ بێکەسی شاعیر بەلانی کەمەوە هەزار وشەی بزربووی زمانی کوردیی ژیاندووەتەوە. ناکرێ بڵێی دەقی چیرۆک و پەخشان و ڕۆمان و توێژینەوە جیایە لە دەقی شیعر. نەخێر، مادام کەرەستە و ئامرازی هەردووکیان وشە و لە ئاکامدا زمانە، دەبێ لەو بوارەوە وەک یەک سەیریان بکەین. کەوابوو بەجێیە ئەگەر گلەیی لە فڵان و فیسار وەرگێڕ و نووسەر بکەین لەسەر ئەوەی فەرهەنگۆکێکی بۆ ئەم وشە و دەستەواژانە دانەناوە کە لەوانەیە ئێمە یەکەم جارمان بێ دەیانبیسین. بەو حاڵەشەوە خوێنەری زیرەک، خوێنەری وریا و کارامە بەپێی ڕستەکە زۆر جوان لە مانای ئەو وشەیە تێدەگات کە ئی ناوچەکەی خۆیان نییە، مەگەر دەمارگرژی و شارچێتی و ناوچەگەرێتی بەرچاوی ئەقڵی لێڵ کردبێ.

من پێم سەیرە، ئەو بیانووگرە دەمارگرژانەی حەز ناکەن لە وشە و دەستەواژەی کۆڵانەکەی خۆیان و تۆزێک بەربڵاوتر شارەکەی خۆیان بەولاوە گوێیان لە هیچ وشەیەکی زاراوە و بنزاراوە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردی بێت و وەک بیسمیللا لە جنۆکە بکرێ ئاوا بە دیتن و بیستنی وشەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان هەڵدەبەزنەوە و گوێقوڵاخ دەبن، ئەی بۆچی وەختێک وشەیەکی فارسی یان ئینگلیزی دەخەنە نێو نووسینەکانی خۆیانەوە، وەک ڕۆنی سەگت لە قەلبیان دابێ ئاوا شاگەشکە دەبن؟ هەر ئەو بیانووگرانە، خەنی دەبن کاتێک لەبری وشەی "مخابن/بەداخەوە" دەنووسن "ئەفسووس" و لە جێی "ڕوانگە" دەنووسن "دیدگا"...

**مەترسییەکانی ئەو دەمارگرژی و شارچێتییە:**

کە شار یان ناوچە یان تەنانەت وڵاتێکیش دەرگای پێوەندی لەسەر زمانەکەی دابخات، وردە وردە چەکی زمانەکەی دەسوێ و دەپوێ و لەکەڵک و کار دەکەوێ. ئەو شار و ناوچەیەی بە وشە و دەستەواژەی فڵان ناوچە و مەڵبەندی کوردستان قەڵسە، دوای چەند ساڵێک دەق و نووسینی هەموو نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووس و توێژەر و مامۆستاکانی لە یەک دەچن. ئیتر تۆ ناتوانی نووسینی هیچ کامەیان لەویتریان جوێ بکەیتەوە، چونکە بازنەی زمان و وشەکان بەرتەسک بووەتەوە و زمانەکە هەژار کەوتووەتەوە، وەک ئێستا دەبینین لە دەرەوەی بازنەی دەمارگرژی، بەداخەوە ناشارەزایی میدیاکانمان لە توانا و پوتانسیەلەکانی زمانی کوردی، بووەتە هۆی بیچمگرتنی زمانێکی سەیروسەمەرە کە ئەوی تۆزێک کوردی بزانێت، گاڵتەیان پێ دەکات: بۆ وێنە لە بری گوێرەکە/ گۆلک/گوێلک، دەڵێن: بێچووی مانگا... لەبری "بەرخ" دەڵێن کوڕی مەڕی. لە بری کار/ کاریلە/کارژیلە دەڵێن بێچووی بزن. ئیدی هەر ماوە بە منداڵیش بڵێن بێچووی بنیادەم، کە تەنانەت ئەوەندە لەگەڵ زمانی کوردی نامۆن هیچ دوور نییە بڵێن تووتکی بنیادەم... چونکە نازانن تووتک بە گوجیلەی سەگ دەگوترێ.

یان بۆ وێنە لە هەواڵە وەرزشییەکاندا زۆر جار گوێمان لێ دەبێ کە دەڵێ: فڵانە یاریزان سێ گۆڵی دروست کرد. بەبێ ئەوەی بزانێ "گۆڵ" ئەو شوێنەیە کە تۆپەکەی تێدەکرێ. بەو پێیە یاریزانەکە سێ گۆڵی دروست کردووە بۆ ئەوەی سێ گۆڵپارێز تێیدا ڕاوەستن و بیپارێزن. لێرەدا دەبێ بڵێین: فڵان یاریکەر، سێ گۆڵی کرد. گۆڵکردن تەنانەت هاتۆتە نێو ئیدیۆمی کوردییشەوە و زۆر جار گوتراوە: دیسان بەغدا گۆڵی لە کورد کرد.

یان بۆ وێنە لەوەتەی کورد هەیە دەڵێ: لافاوێک هەستا. کەچی ڕۆژنامەنووسی نامۆ بە زمانی دایکی! دەڵێ: لافاوێک ڕووی دا.

یان کاتێک یەکێک بە فڕۆکە سەفەر دەکا، دەنووسن: فڵانەکەس لە ڕێگەی فڕۆکەوە گەیشتە سلێمانی. وەک بڵێی فڕۆکە ڕێگەیەکی هەبێ.... کە ئەم داڕشتنە عەرەبییە.

لێرەدا پێویستە ئەم ئەرکە بخەمە سەر شانی خوێنەران، وەرن لەبری ئەوەی شەڕ بە زاراوە و بنزاراوەکانی زمانەکەمان بفرۆشین، با هەستیار بین لەسەر پێکهاتەی ڕستە و داڕشتن. وەک ئەو چەند نموونەیەی لەسەرەوە باسم کردن، چونکە ئەوەی زمانی کوردی دەشێوێنێ، بەکارهێنانەوەی وشەی کۆن و وشەی ئێرە و ئەوێی کوردستان نییە، بەڵکو داڕشتنەوەی ڕستەکانمان بە هەوێن و تاموخوێی زمانی فارسی و عەرەبی.

ئیتر هیوادارم خوێنەری ئەو دەقانەی من دەیانکەمە کوردی، پەڵپ و بیانوو بەو وشانە نەگرن کە یەکەم جاریانە دەیبیستن، بەڵکو وەک هەلێک بیقۆزنەوە بۆ ئەوەی زمانی خۆیانی پێ دەوڵەمەندتر بکەن.

## سادق هیدایەت لەزاری سەرپەرشتیاری بەرهەمەکانیەوە

## جەهانگیر هیدایەت:

# سادق هیدایەت کەسێکی دژە عەرەب بوو



**جەهانگیر هیدایەت، لەدایکبووی 1939، کوڕی سەرلەشکر عیسا هیدایەت، برا گەورەی سادق هیدایەتە و سەرپەرشتیاری بەرهەمەکانی ئەوە. جەهانگیر هیدایەت هەر لە منداڵییەوە و لەژێر کاریگەریی مامیدا، هۆگری نووسین بووە و لە مێرمنداڵییەوە دەستی کردووە بە چیرۆکنووسین و هەر لەو کاتەوە چیرۆکەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامە دیارەکانی ئێراندا بڵاوکراوەتەوە. تا ئێستا چەندین کورتەچیرۆک و وتاری ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و وەرگێڕانی بڵاوکردووەتەوە و چەند کتێبێکی نووسیوە. لەوانە سێ کتێب لەسەر سادق هیدایەت بە ناوەکانی: "نیوەی شاراوەی بەسەرهاتی سادق هیدایەت"، "سی و شەش ڕۆژ لەگەڵ سادق هیدایەت" و "یادی سەدساڵەی سادق هیدایەت لە ئێران و جیهاندا".**

**ئەو دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری "بونیادی هیدایەت" و ماڵپەڕی هیدایەتە و هەموو کاروباری پەیوەندیدار بە بەرهەمەکانی سادق هیدایەت، لەژێر چاودێریی ئەودایە.**

**جەهانگیر هیدایەت کە پیاوێکی بەتەمەنی ئێسکسووکە، لە نووسینگەی بونیادی هیدایەت کە پڕە لە وێنە و کتێب و بەرهەمی سادق هیدایەت، بە ڕوویەکی خۆشەوە میوانداریی کردین بۆ ئەم هەڤپەیڤینە.**

**شادی نیکخا**

**بەشی دووەم و کۆتایی**

**● شادی: سادق هیدایەت زۆر جار تاوانبار دەکرێ بەوەی کە نووسەرێکی ئۆمانیست و نێهیلیست بووە. ئەو نووسەرانەی سەر بە دەسەڵاتن و بەتایبەت لە سەردەمی ئەحمەدینەژاددا ئەو باسەیان زۆر هێنایە گۆڕێ کە هیدایەت نێهیلیست و پووچگەرا بووە. تۆ لە نووسینەکان و لە کارەکانی خۆتدا لێکدانەوەت بۆ ئەم بابەتە بووە؟**

- نەخێر. لەبەرئەوەی هەرچی لەلایەن دەسەڵاتەوە لەبارەی هیدایەت دەگوترێ، هیچ بنەمایەکی زانستیی نییە. تەنیا لەسەر بنەمای دژایەتی و دوژمنایەتییە و وا دەزانن بەم شێوازانە دەتوانن هیدایەت و ئەندێشەکانی لە بیر و مێشکی خەڵکدا بسڕنەوە. بۆ نموونە گوتراوە هیدایەت نەخوێندەوار بووە. ئاخر هەموو شتێک هەر دەبێ سنوورێکی هەبێ. کەسێک کە کوندەپەپووی کوێری هێشتا لە جیهاندا یەکێکە لە دە بەرهەمی یەکەمی سوریالیستی، دەکرێ نەخوێندەوار بێ؟

من ئاگام لە هەموو نووسین و ڕەخنەکانیان هەیە و پێم خۆشە، چونکە ڕەخنەی نابەجێ بە سوودی هیدایەت شکاوەتەوە. بۆ نموونە کتێبێکیان نووسیوە کە هەر ناوی کتێبەکە، کتێبەکە ڕەت دەکاتەوە و ڕیکلامێکە بۆ سادق هیدایەت. ناوی کتێبەکە ئەمەیە: "نهێنیی هۆکاری ناوبانگی کوندەپەپووی کوێری سادق هیدایەت".

ئەمە یانی کتێبێک هەیە بەناوی کوندەپەپووی کوێر، ئەم کتێبە بەناوبانگە، ئەم کتێبە کۆمەڵێک ڕاز و نهێنیی تێدایە. ئەمە لە خۆیدا سەرنجەکان بۆ لای ئەو کتێبە و ئەو نووسەرە زیاتر رادەکێشێ و کەسێکیش کە پێشتر نەیخوێندبێتەوە حەز دەکات بچێت بیخوێنێتەوە.

**● شادی: ساڵی 1935 نزیکەی ساڵێک دوای چاپ و بڵاوبوونەوەی "وەغ وەغ ساهاب"، هیدایەت بۆ یەکەمجار بانگ دەکرێ بۆ نەزمییە و دادگا و تووشی هەندێ کێشە دەبێ لەگەڵ وەزیری ئەوکاتی فەرهەنگی ئێراندا و دوای ئەوە، دەبێتە یەکەم نووسەری ئێرانی کە (ممنوع القلم) دەکرێ و بەرەوڕووی سانسۆر دەبێتەوە. لەو کاتەوە تا ئێستا چەندین دەسەڵات و حکوومەت و کابینەی جۆربەجۆر و جیاواز گۆڕاون کە هەر ناکرێ بەراوردیش بکرێن بە یەکتر، کەچی لە خاڵێکی هاوبەشدا هەموویان تەبان و یەک دەگرنەوە، ئەویش سانسۆرە لەسەر بەرهەمەکانی هیدایەت، ئەم تەباییە چۆن دەبینی؟**

- زۆر سادەیە. یەکەم، هیدایەت زۆر لایەنگری ئێرانی کەونارا بوو. ئەمە نە لای ڕەزاشا باش بوو نە محەممەد ڕەزا شا و نە لای دەسەڵاتی ئێستا. دووەم ئەوەی کە هیدایەت بەتوندی دژ بە سیستەمی دیکتاتۆری بوو. بۆیە ئەم شەڕە هەر بەردەوامە و بەردەوامیش دەبێ. واتە هیدایەت دوژمنی هەموو دیکتاتۆرێکە و هەموو دیکتاتۆرێک دوژمنی هیدایەتە.

بەڵام سادق هیدایەت کەسێک نییە ئەم لەمپەرانە زەبری لێبدەن، چونکە ئەو زۆر لەمێژە لە سنوورەکانی ئێران تێپەڕیوە. ئیدی هەموو جیهان دەیناسن. کوندەپەپووی کوێر بۆ 28 زمان وەرگێڕدراوە. بۆ نموونە کاتێک لە کوردستان بەرهەمی هیدایەت تەرجەمە دەکرێ، لەبەر ئەوەیە کە خوێنەر و داواکاری هەیە. یان ئەگەر بە خەرجێکی زۆر لە کۆریا بە باشترین کواڵیتی چاپ دەکرێ، لەبەر ئەوەیە کە خوێنەری کۆریایی خوازیاریەتی. کەوایە ئیتر سادق هیدایەت پێشی پێ ناگیردرێت. چ بەرهەمەکانی چاپ بکرێن و چ نەکرێن. هەڵبەت بەشێوەی نارەسمی هەموو بەرهەمەکانی چاپ دەکرێن. تۆ ئەگەر بڕۆی بۆ مەیدانی ئینقلاب و بەردەم زانکۆی تاران، دەبینی کە هەموو بەرهەمەکانی هیدایەت لەوێ دانراون بۆ فرۆشتن.

**● شادی: جارێک گوتبووت لە سەفەرێکتدا بۆ ئەمریکا سەردانی ئەو کتێبفرۆشیانەت کردووە کە کتێبی ئێرانی و فارسییان هەیە، زۆرترین بارستا و ژمارە سەرەتا هی کتێبەکانی مەولانایە و دوای ئەو هیدایەت. ئەم بابەتە زۆر سەرنجی ڕاکێشام، چونکە لە زۆر شوێن بینیومە کە ئەو کەسانەی زۆر هۆگری مەولانان، کتێبەکانی هیدایەتیش لە کتێبخانەکەیاندا هەیە. لە یەکەم ڕوانیندا لەوانەیە بگوترێ هیدایەت لە کوێ و مەولانا لەکوێ؟ بەڵام ئایا دەتوانین هاوبەشییەک لە نێوان ئەو دوو کەسایەتییەدا بدۆزینەوە؟**

- بەڵێ. ئەوە شەقامێکە لە لۆس ئەنجلس بەناوی "ئێست بوود" کە هەر شەقامێکی ئێرانییە و هەموو دووکانەکانیشی ئێرانین و بە فارسی ناونراون. ئەو شەقامە کتێبفرۆشیی زۆری لێیە. هەم هەموو کتێبەکانی مەولانا و ئەوەی لەسەر مەولانا نووسراون بە دەقی فارسی و بە

## هیدایەت خاڵی هاوبەشی زۆری لەگەڵ حافز و خەیام و مەولانادا هەیە

وەرگێڕانیشی بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان لەوێ دەست دەکەون، هەم هەموو بەرهەمەکانی هیدایەتیشی لێبوو، چ ئەوانەی لە ئێراندا بە قاچاخ چاپ دەکرێن و چ ئەوانەی بە فارسی و بە زمانی دیکە لە دەرەوە بڵاودەکرێنەوە. ئەمە نیشانەی هۆگریی خوێنەرە لە هەموو جیهاندا بۆ ئەو دوو بلیمەتە ئێرانییە. بەتایبەتی فەلسەفەیەک کە مەولانا بنیاتی ناوە، لە هەموو جیهاندا جێی خۆی کردووەتەوە. بەڵام سەبارەت بە خاڵی هاوبەشی مەولانا و هیدایەت، دەبێ بڵێم هیدایەت خاڵی هاوبەشی زۆری لەگەڵ حافز و خەیام و مەولانادا هەیە. مەولانا بەردەوام باس لە عەشقێک دەکات و بەرەو عەشقێک هەنگاو دەنێ کە ئەو مەبەستمەندبوونە لە بەرهەم و لە ژیانی هیدایەتیشدا دەبینرێ، بەڵام نەک بەو شێوازە ئاسمانی و ئەفلاتوونیەی مەولانا، بەڵکو بە ڕوانینێکی دیکە و بە زمانێکی دیکە. دەتوانم بڵێم هەموو عەشق و مەبەستی سادق هیدایەت بەرەو مەعشووقێکە بەناوی ئازادی. مەولانا دەڵێ خودا لە ناخ و دەروونی خودی ئینساندایە و دەبێ لە ناخی خۆتدا بۆی بگەڕێی، هیدایەتیش هەمان شت دەڵێ، تەنیا زمانەکەی جیاوازە.

**● شادی: پەیوەندیی سادق هیدایەت و شەهید نوورایی کە بەرهەمەکەی نامەکانی نێوان ئەو دوو نووسەرەیە، چۆن پەیوەندییەک بووە؟**

- شەهید نوورایی یەکەمجار لە تاران و هەر لە کۆبوونەوەی کافتریاکاندا ئاشنا دەبێت بە سادق هیدایەت و دەبێتە یەکێک لە هۆگرەکانی هیدایەت و پەیوەندییەکی زۆر گەرم و دۆستانە پێکدێت لە نێوانیاندا. بەڵام دواتر شەهید نوورایی بە ئەرکێکی حکوومی دەنێردرێت بۆ دەرەوەی وڵات. هەر لەبەر ئەم دوورییە دەست دەکەن بە نامەنووسین بۆ یەکتر. بەڵام شەهید نوورایی لە فەڕەنسا تووشی نەخۆشییەکی سەخت دەبێ و کاتێک هیدایەت چوو بۆ فەڕەنسا، نەخۆشییەکەی گەیشتبووە خراپترین قۆناغی. بە چەشنێک کە هەر ڕۆژێک دوای خۆکوشتنی هیدایەت، شەهید نوورایی بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە دەمرێ.

**● شادی: بەڵام دەڵێن شەهید نوورایی لەبەر هۆگریی زۆری بۆ هیدایەت، دوای ئەو خۆی کوشتووە؟**

- شتی وا ڕاست نییە. من تا ئێستاش پەیوەندیم هەیە لەگەڵ بنەماڵەی شەهید نوورایی. نەخێر ئەو تەنیا بە ڕێکەوت لەو ڕۆژەدا و بەهۆی نەخۆشییەوە مرد.

**● شادی: ئەی سەبارەت بە نامەکان. ئەو نامانەی شەهید نوورایی بۆ هیدایەتی نووسیون، لە کوێن و بۆچی تائێستا بڵاو نەکراونەتەوە؟**

- شەهید نوورایی لەبەر ئەوەی وەک لێپرسراوێکی حکوومەتی ئێران لە دەرەوە بووە، داوای لە هیدایەت کردبوو هەموو نامەکانی دوای خوێندنەوە بگەڕێنێتەوە بۆ خۆی. واتە هەموو نامەکانی کەوتنەوە دەستی خۆی و بنەماڵەکەی و لای هیدایەت نەمابوون. دیارە نامەکان پڕبوون لە ڕەخنە لە حکوومەت و دەسەڵات و شەهید نوورایی و بنەماڵەکەی، لەبەر ئەو پۆستە حکوومییە حەزیان نەکرد بڵاویان بکەنەوە.

شادی: ئەوە ڕاستە کە هیدایەت کەسێکی دژەعەرەب بووە؟

- بەڵێ بە دڵنیاییەوە.

**● شادی: دژەعەرەب بوو یان دژەئیسلام؟**

- هیدایەت هۆگری ئێرانی کۆن بوو، ڕقی لە هەموو ئەو نەتەوانە بوو کە هێرشیان کردووەتە سەر ئێران. سەیر لەوەدایە کە هەموو نەتەوەکانی دەوروبەر، هێرشیان کردووەتە سەر ئێمە. عەرەب، ئەفغانی، مەغۆل، عوسمانی.. بەڵام ئێران تەنیا ئەو جارە نەبێ کە نادرشای ئەفشار هێرشی کردە سەر هیندستان، پەلاماری هیچ وڵاتێکی نەداوە و تەنیا لە هەوڵی بەرگریکردندا بووە. عەرەبیش کە هێرشی کردە سەر ئێران، هەوڵی دا بەتەواوی شارستانێتیی ئێران لەناوببات. بۆیە هیدایەت ڕقی بوو لە عەرەب و ئەوە هیچ پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە. چونکە ئیسلام نەبوو ئەو هێرشەی کرد، عەرەب وەک مرۆڤ و وەک نەتەوە ئەوەی کرد. خۆ هیتلەریش کە هەموو جیهانی ئاڵۆزاند، مەسیحی بوو، بەڵام

## هەرچی لەلایەن دەسەڵاتی ئێرانەوە لەبارەی هیدایەت دەگوترێ، بێ بنەمایە

ناڵێین مەسیحییەت بوو ئەو هەموو تاوانەی کرد.

**● شادی: ژیانی ڕاستەقینەی هیدایەت چەندە لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە؟**

- بەڕای من زۆر کەم.

کەسانێک هەن دەڵێن کوندەپەپووی کوێر چیرۆکی ژیانی خودی سادق هیدایەتە. بەڵام هیچ ڕاست نییە. هیدایەت ژیانێکی سەیر و ئاڵۆزی نەبوو، ژیانێکی سادە و ئاسایی هەبوو. ئەوە تایبەتمەندیی نووسەرە کە بتوانێ دنیایەک بخولقێنێ لە دەرەوەی دنیا و ژیانی خۆی. سادق هیدایەت بەڕاستی نووسەرێکی بلیمەت بوو. ئەوە "عەلەوییە خانم" پڕپڕە لە جنێو. بەڵام لەودیو هەموو جنێوەکانەوە، هیدایەت قسەیەکی پێیە. لەو ماڵەدا کە هیدایەت تێیدا گەورە بوو، خراپترین قسە و جنێو وشەی "ئەحمەق" بوو. ئیدی هیدایەت ئەم جنێوانەی لە کوێوە هێناوە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ نووسەربوونی ئەو. هیدایەت هەستاوە چەندان جار چووە بۆ "مەیدانی ئیعدام" کە لەو کاتەدا هەموو چەقۆکێش و لات و خوێڕی و شەڕانییەکانی تاران لەوێ کۆدەبوونەوە. لە نزیکەوە تێکەڵ بەوانە بووە بۆ ئەوەی جنێوەکان فێر ببێت. کاری نووسەر هەر ئەوەیە. لەڕاستیدا هیدایەت لەسەر هەر لایەنێک قسە دەکات، خوێنەر وادەزانێت خۆی لەو دەستە و تاقمەیە. کاتێک "سێ دڵۆپ خوێن" دەخوێنیتەوە، وا دەزانی هیدایەت شێتە. کاتێک "وەغ وەغ ساهاب" دەخوێنیتەوە، وادەزانی کەسێکی زۆر سوعبەتچییە. نووسەرێکی بەتوانا هەر دەبێ وابێ. شێکسپیر هەم "هاملێت"ی هەیە کە زۆر تراژیکە، هەم "بازرگانی ڤینیس"ی هەیە کە گاڵتەئامێزە.

**● شادی: ڕوانینی هیدایەت لە ژیان و لە بەرهەمەکانیدا بۆ ژن و بۆ سێکس چۆن بووە؟**

- هیدایەت دوو بۆچوونی تەواو جیاوازی هەبوو بۆ ژن. ژن لای هیدایەت یان پاک و فریشتەئاسایە، یان گەندەڵ و خائینە.

سەبارەت بە سێکسیش هیدایەت سێکس بە کێشەیەک دەزانێ. ئەو سێکس بە ڕەهەندێکی حەیوانی و شەهوانی دەبینێ کە تەنیا بۆ ڕازیبوونی جەستەیە و هیچ هەستێک و هیچ ڕۆحێک لە پشتیەوە نییە.

**● شادی: بە کورتی کاریگەریی هیدایەت لەسەر ئەدەبی فارسی چۆن دەنرخێنی؟**

- بەکورتی هیدایەت مۆدێرنیتەی ئەدەبی کورتەچیرۆکی ئەوروپای هێنایە ناو ئەدەبی چیرۆکنووسیی ئێرانەوە.

جگە لەوە، کورتە چیرۆکی فارسیی لەو زمانە دژوار و ڕەقوتەقەی پێشوو ڕزگار کرد و بە زمانی ساکاری جەماوەری چیرۆکی نووسی. تەنانەت ڕستەی دەستپێکی شاکاری کوندەپەپووی کوێر، ڕستەیەکی ساکارە بە زمانێکی ساکار کە هەموو کەسێک لێی تێدەگات. هیدایەت خەباتی زۆری کرد لە پێناوی ساکارنووسیندا و تەنانەت لە وەغ وەغ ساهابدا دەستی کرد بە گاڵتەکردن بەو زمانە ڕەقەی پێشوو، هەر لەبەر ئەوەش تووشی سەرئێشەی زۆر بوو.

**● شادی: لە کوردستان زیاتر هیدایەت بە کوندەپەپووی کوێرەوە دەناسرێت. زیاتریش بە نووسەرێکی مەرگدۆست و ڕەشبین ناسراوە، ئەم بۆچوونە ڕاستە؟**

- سەرەتا دەبێ بڵێم کوندەپەپووی کوێر وانییە کە تەنیا مردن و ڕەشبینی بیر بخاتەوە. ئینجا چۆن دەبێ نووسەرێک تەنیا بە یەکێک لە کتێبەکانیەوە بناسرێت؟ کاتێک لەسەر ناسینی نووسەرێک داوەری دەکرێت، پێویستە ئاوڕ لە هەموو بەرهەمەکانی بدرێتەوە. هیدایەت ئەگەر کوندەپەپووی نووسیوە "عەلەوییە خانم"یشی نووسیوە. "حاجی ئاغا"شی نووسیوە. حاجی ئاغا ڕێک پێچەوانەی کوندەپەپووە.

ئینجا هەمان کوندەپەپووش خوێندنەوەی زۆر جیاوازی بۆ کراوە، بەڵام ئەو کتێبە دوو لایەنی هەیە، لایەنی جوانی و ڕووناکی، لایەنی ناشیرینی و تاریکی. لایەنە جوانییەکەی کە ژنی فریشتەئاسایە، ڕابردووی پڕ لە شانازیی ئێرانی کەونارایە. بەڵام لایەنە ناشیرینەکەی کە ژنە سۆزانییەکەیە، ئێرانی هاوچەرخە. ئەو ئێرانە کەونارا خاوەن کولتوورە جوانەی کە هیدایەت زۆری خۆشدەویست، بەرەبەرە بوو بەم ئێرانەی ئێستا کە هیدایەت بێزار بوو لێی. بوو بە ئێرانێک کە دەبێ لەگەڵ رووس بخەوێ، لەگەڵ فەڕەنسا بخەوێ، لەگەڵ بەریتانیا بخەوێ و باج بە هەموو ئەمانە بدات بۆ ئەوەی بتوانێ بمێنێتەوە. وەک ئەو سۆزانییە. بۆیە من ئەو داوەرییە بە دروست نازانم لەسەر هیدایەت و کوندەپەپووی کوێر.

**● شادی: پرسیاری کۆتایی، ئایا جەهانگیر هیدایەت نووسەرێکی سەربەخۆیە، یان لە نووسینەکانیدا بەتایبەت لە چیرۆکدا بە ڕێچکەی سادق هیدایەتدا دەڕوات؟**

- کاریگەریی شێوازی نووسینی هیدایەت بەئاشکرا بەسەر کۆمەڵێک لە چیرۆکەکانمەوە دیارە. ستایلی من ستایلێکی ساکار و پاراوە کە تەنزێکیشی لەگەڵدایە و زۆربەی نووسینەکانی سادق هیدایەتیش تێکەڵە بە زمانێکی تەنز.



# جووتێ پێڵاو

**ڕەوف حەسەن**



دڵدارێکی جنجیلانەم هەیە و نیشتمانێکی گەورە و دادڕاوم هەبوو. نیشتمانێکی ساردوسڕ و دڵدارێکی گەرموگوڕ. لای ئێمە دڵنیابووین نیشتمانەکەمان بەدڵداری ئازاد و بە ئەڤین قەشەنگ و نازدار دەبێت. بۆیە یەکەمین و مەزنترین مۆجیزەمان هەر بەتەنێ سوورەتی (ئەڤین) بوو. کەچی لە نیشتمانەکەماندا هەموو شتێ ڕەوا بوو بەتەنێ ئەڤین نەبێت کە سومبولی فاحیشە و ڕیسوایی بوو.

دەمخواست نیشتمانە دڕکەجاڕ و دادڕاوەکەم چون (ماردین)ی خۆشەویستم نازدار و مەزن بووایە، نیوەی ئەو، دڵۆپێکی ئەو سیحری تێدا بووایە.

ماردین لە هەرجێ پاو پانیبەرزی دادەنان، پاو پانیبەرزی خڵتانی خوێن دەبوون و نێرگسەجاڕێ خۆی رادەخست. لە هەر جێژوانێکدا دانیشتینایە و ڕازونیاز و گلەییمان بکردایە و پێکەوە بگریاینایە، پەڵەیەک گوڵاڵەسوورە وەنێو نێرگسەجاڕەکە دەکەوت.

کاتێ سەرتاسەری نیشتمان دەبێتە دڕکەجاڕ، نیشتمان بچووک دەبێتەوە. ئەمە گوناهی ئێمە نەبوو. ئەمە یاسایەکی سروشتییە.


ڕۆژ بەڕۆژ خۆشەویستەکەم گەورەتر دەبێت و نیشتمانەکەم بچووکتر.. ئەم مەزنتر و ئەو گزگلتر.. ئەم شکۆدارتر و ئەو ریسواتر.

نیشتمانەکەم هێندە بچووک و بچووکتر بووەوە، تاکو بووە جووتێ پێڵاو، هەڵمگرتن و کردمنە پا خنجیلانەکانی ماردین.

باشە چۆن نیشتمان لەپادە کرێت؟!

من دەمزانی نیشتمانەکەم لە پاکانی ماردیندا شادومانتر و ئارامترە تا لە مۆزەخانە بنرێت. لە پای ئەودا جوانترە تا لەنێو موغازەکاندا سەواو مامەڵەی پێوە بکرێت. وەلێ ئەفسووس...

– ئازیز! ئەم نیشتمانە زۆر تەنگە.. ئازاری پاکانت نادات؟!



# چرایەک لە پرتەقاڵ



**بۆتان لەتیف عەبدولقادر**

ئەگەرچی چاو لاتەریکە لە ڕۆشنایی
چرایەک چاوی ڕۆژگارە لە ئێستادا
چرایەکە؛ لەڕەنگدا پرتەقاڵیە و
لە بزەیدا نیگای دولبەرێکە بێ
پەروانە..
ئەو چرکەیەی کزەی جەرگ
دادەگیرسێ
ئەمیش لە کزەی ناخیدا چاو دائەخا
و
لە ڕوخساریا وا دەرئەخات هێشتا
یارە !..
لەتاسەیدا ترس دەبێ بە بارانێک
بینین ڕادەستی شەو دەکات..
لە هەناسەی توانەوەشیا؛
سەرلەنوێ ئەبێ بە ئاوڕ بەدوای
خەیاڵی تاریکی !..
ئەی تاریکی..
من ڕۆشنایی چرایەکی پرتەقاڵیم
چیت لێم دەوێ؟!..
ئەی ڕۆشنایی..
من تاریکی شەوێکی سەرمابردەڵەم
هاتووم لەناختا ونم کەی!..
ئەی تاریکیە تەترە بووەکەی شەوگار
ئەی ڕۆشنایی ڕەنگ هەڵبزڕکاوی
سەردەم
ئەگەر چاوی پرتەقاڵیی من نەبوایە
عەیامێک بوو؛
ئێوەش لە تابلۆی گەردوون
دەرکرابوون!..
ئەگەر ئامێزم نەبوایە
نە ئاماژەکانی ڕۆژگار
نە لە ئاهی هیچ شەوگارێ
هەر وەک سەربوردەش نەمابوون!..
ئەگەر چاوی ڕۆشنایم نەبوایە
ئێوە چی؟!..
هێی..
ئەی چرا پرتەقاڵیەکە..
ئەوە چیتە؟!..
گەر ئێمە شەوگارو ڕۆژگار؛
لەنێوانمان ئالوگۆڕی دەسەڵاتمان
نەکردایە
تۆ چی؟!..

# ئۆکتۆبەری برین

**ڕەوا سەربەست**

سەیری چی دەکەی کچۆڵە؟ وا باشە ڕووت بەلایەکی تردا وەربگێڕیت و لە شوێنێکی تر و لای کەسێکی تر بەدوای خەونی خۆتدا بگەڕێی. بە سیمای من هەڵمەخەڵەتێ. ئەگەر هاودەمی من بیت، دەبێت زیاتر لەوە بچێژیت کە هەر مرۆڤێک بەرگەی دەگرێت.

تۆ جوانیت. سەرنجی هەر گەنجێک ڕادەکێشی، بەڵام تکایە با ئەو گەنجە من نەبم. چونکە هەر کەس هاودەمی من بێت دەبێت شانی بداتە بەر مەینەتی، زنجیرەی خەم و ڕەو و ئاوارەیی، ڕەنگە تۆ بەدوای لەنگەرگرتن و ماڵ و ئارامیدا بگەڕێی و بتەوێت لەگەڵ گەنجێکدا لانەیەک بۆ خۆت دروست بکەی، بەڵام داخەکەم ئەو گەنجە من نیم. یان با من نەبم. چونکە من نە دەزانم ئارامی چییە و نە دەشزانم لە کوێوە پەیدا دەبێت. هەر ئێستا کە تۆ دەبینم ئاوارەم. دیسانەوە ئاوارە بووم و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر هەڵدێم. دەزانم لە کوێوە هاتووم، بەڵام بە دڵنیاییەوە نازانم لە کوێ لەنگەر دەگرم.. چیت داوە لە من؟!

وا تۆزێکی تر ئەم جێبە شڕەی کە هەموومان لە پشتەکەیدا سەرکەوتووین و لە هەموو لایەکەوە تەپوتۆزی خۆڵی ئۆکتۆبەر هەڵدەدات بەسەرماندا، لە شوێنێکدا لادەدات و یەکمان یان هەموومان دادەبەزین و ئیتر ئەو چیرۆکەش با کۆتایی بێت کە ڕەنگە ئێستا لە مێشکی تۆدا شتێکی لێ گەڵاڵە بووبێت.

تۆ من ناناسیت خاتوونی گەنج. بەڵام من ئەو تەمەنەی تا ئێستام هەر بە ئاوارەیی بەسەر بردووە. سووک و ئاسان لەبەرئەوەی نیشتەجێی گەرمیانی ئەم وڵاتەم.

کە یەکەم جار دایک و باوکم منیان بە ساوایی هەڵگرت و ڕوویان لە پێدەشتی گەرمیان کرد، ئەو دەمە من تەمەنم یەک ساڵ بوو. ئەنفالی وڵات و ئەنفالی ڕۆح و کێشەی کۆمەڵایەتی ڕەگی دایک و باوکی منیان لە شوێنی خۆیان هەڵکێشا و فڕێیاندام بۆ دوور. ئەوان دەبوو خۆیان بشارنەوە. خۆحەشاردان لە هەموو شتێک، دایکم لە کونجی ژوورێکی بچکۆلەی بێخزمەتی ناو دووزدا جێگەیەکی بۆ دۆزرایەوە و باوکیشم بۆ کرێکاری دەبوو هەموو بەیانییەک لەوێوە بگاتە لەیلان. بۆیە هەموو شتێک بۆ ئێمە ئاوا دەستی پێکرد و ئەو نەهامەتییە وەک نەفرەتی فیرعەونەکان لە ئەستۆ و ملمان نەبووەوە و نابێتەوە.


باوکم شانزە ساڵی لەوێ بەسەر برد و خەمی گەڕانەوە بۆ شوێن و هەواری خۆی بە سەعاتیش لە زەین و مێشکی دەرنەدەچوو. بۆیە هەر بەو خەمەوە سەری نایەوە. من و دایکم لە بێکەسییەکی سەختدا ماینەوە. دەبوو هەرواش بێت بۆئەوەی کەس نەماننناسێتەوە، ڕامان نەکێشنەوە ناو کێشەیەک کە بە هیچ شێوەیەک ئێمە و کەسی ئێمە تیایدا تاوانبار نەبووین.

جێبەکە لەناو خۆڵ و گەرمای ئۆکتۆبەری گەرمیاندا تەکەی دێت، توێژێکی ئەستووری تۆز هەڵدەداتەوە بە سەروچاوی نەفەرەکانی ناو عەرەبانەکەی دوایەوە، خانمە کچی گەرمیانی تۆزی ڕێگا لە سەروچاوی دەنیشێت و چاویشی هەر لەسەر منە، داخەکەم منیش ناتوانم هیچ وەڵامێکم بۆی هەبێت. خۆ من ئەگەر کەسێکم خۆشبوێت هەرگیز نابێت بیهێنمە ناو ئەو کەش و ڕەوشە سەختەی تێیدام.

پاش شازدە ساڵ باوکم لەپڕ سەری نایەوە. تۆزی چیمەنتۆی کارگەکە قوڕگ و لووتیان گرت و بە زوویی خنکاندیان، ڕۆیشتن و نەمانی ئەو من و دایکمی فڕێدایە ناو تەنیاییەکی کوشندەوە. ئیتر دەبوو منیش شان بدەمە بەر کارکردن. بەڵام لەو ماوەیەدا هەوڵی نەبڕاوەی دایک و باوکم گەیشتبوو بەو ئەنجامەی کە خانوویەکی بچووکی ناو دووزمان بۆ خۆمان پێکەوە نابوو.

چێشتخانەکانی سەر ڕێگەکە و کارگەی گۆزەگەرییەکان منیان ناسی و ئەوان منیان کردە دۆستی خۆیان، بۆیە من تەنیا دڵداریی ئەوان دەزانم. ئەوانیش هەموو بەیانییەک دەیانویست من پێش گزنگ لەبەر دەرگاکانیان چاوەڕێ بکەم. بۆئەوەی ئیشەکەم لەدەست نەدەم و نانی خۆم و دایکم دابین بکەم. من تەنها ئەو پەیڕەوە فێر بووم بۆ ژیان، خاتوون، چی لە چاوباشقاڵیی کچە گەنجێکی وەک تۆ بکەم، من هێندە دەزانم کە دەبێ هەر بڕۆم. دەڕۆم و نازانم بۆ کوێ!

ئەوە هەر تۆزی ئەم جێبە نییە کە بە ئاسانی لەسەر ڕووی من دەنیشێت. خۆ ژیان خۆیشی هەموو تۆز و دووکەڵ و تاریکییەکانی بۆ من هەڵداوە. ئەگەر وانەبووایە دەبوو ئێستا منیش شوێنێکم هەبێت بۆ مانەوە و حەسانەوە، ئەو دەمە من بە دوای تۆدا دەگەڕام نەک بە پێچەوانەوە.



هەروەک لاکردنەوەیەکی خێرا لە ئۆکتۆبەری شوومی گەرمیان، هەرچییەکم هەبوو لە دەستم دا. ئێستا تۆ لە پاشی ئەم جێبەدا چی دەبینیت ئەوە هەموو کیان و بوونی منە. من لەمە زیاتر هیچی ترم نییە و نەماوە. دایکم و ماڵەکەمان بە یەک بۆردومان لە شازدەی ئۆکتۆبەردا کۆتاییان هات. ئەو کاتەی کە خەڵکێک هاتن و دایکمیان لەژێر پەردووی ڕووخاوی خانووەکەماندا دەرهێنا، خۆیشم بە ئاسانی نەمناسییەوە. ئەویش پێویستی بەوە نەمابوو من بناسێتەوە، چونکە ژیانە پڕ لە کولەمەرگییەکەی لەوێدا و لەگەڵ دواچیرۆک و دوارۆژی خانووەکەماندا کۆتاییان هات. دەبینیت، گەرمیانیبوون مانای چییە و ئێستا چی دەگەیەنێت خاتوون؟ من چی بکەم لە تۆیەکی گەنجی عاشق کە بەدوای چیرۆکێکی جوانی گەنجانەدا دەگەڕێی. من ئەوەندە دەزانم کە دەبێ بڕۆم.. بۆ کوێ نازانم، بەڵام دەبێ بەردەوام بم، هەر دەبێت بڕۆم.

ئەو ژیانە چی بە من بەخشی، ئەی من چیم پێبێت بە ژیانی ببەخشمەوە! ئاکامم هەرئەوەیە کە دەبێ بڕۆم!

هەر کە ئەم گەشتە پڕ لە تەپوتۆزەی ناو دواوەی ئەم جێبە کۆتایی هات، هەردووکمان دادەبەزین و ملی دوو ڕێگای جیا دەگرین، ئەوجا تۆش کاتێکی زۆرت پێویست نابێت بۆئەوەی من لەیادی خۆت بەریتەوە. خەمت نەبێت لەیادچوونەوەی من ئاسانە. چونکە ئەوەتا ژیان لە بیری کردووم و منیش هیچ کارێکم بەو نییە.

ئەمە چیرۆکی گەنجێکی جوان و قۆزی کورد بوو بە ناوی (ە،ع،ب) کە لە ناوچەی ئاکسەرای لە ئیستانبوڵ ناسیم و خەمی دنیا لە چاوەکانیدا بوو. ئەو لە بەردەوامیی چیرۆکی ناو جێبەکەی دەشتی گەرمیاندا ملی ڕێگای گرتبووە بەر و نەیدەزانی لە کوێ لەنگەر دەگرێ، تەنیا ئەوەندەی دەزانی کە ئەوە چارەنووسی ئەوە و هەر دەبێت بڕوات.

ئەمە دیوێکی پەنهانی مێژووی ئێمەیە. مێژوویەک کە هەر ڕاوماندەنێت تا چیرۆکی مێژوو کۆتایی دێت.